# ئەو کاتەی حکومەت قڕوش قڕوش کۆیدەکاتەوە

## سمکۆ عەبدولکەریم

حکومەتی هەرێمی کوردستان هێدی هێدی میللەتەکەی دەدۆشێ و قوروش قروش کۆیدەکاتەوە و عانە عانەش دەیداتە فەرمانبەران ، کاتێکیش دبینن جامەکە پڕ بووە و خەریکە لێدەڕژێ یەکسەر دەکەونە خۆ، چەندین شتی بێسەروبەر دەوروژێنن و بۆ ماوەیك هەموومان دەغافلێنن ، ئاماژەیەك لە نێو خەڵکی هەیە و هەمیشە دەڵێن ئەگەر بیانەوێ نرخی شتێك زیاد بکەن لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا جێبە جێدەکەن و هەر بڕیارێکیش لە بەغدا دەربچێ و لە بەرژەوەندییان دابێ یەك و دووی لێناکەن ، کاتێك لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی مووچەی فەرمانبەران پێکهات دەمووودەست ڕێژەیەك لە مووچەی پلە تایبەتییەکان بە ناوی نازانم چی کەمکرایەوە ، بەڵام زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بە تایبەتی زۆر کەمەکان ئێستاش دەگەڵدابێ هیچ نەکراوە ، مەبدەئێك هەیە زۆربەی ئەوانەی لە دەسەلاَتن بەکاری دێنن ئەویش دەست گرتنە بەسەر قوتی خەڵك ، بەو مانایەی سیاسەتێك بەکار دێنن بۆ ئەوەی ئینسانەکان هەمیشە گوێ لەمست و پەیوەست بە دەسەلاَت بن، ئەوەی ئەو پێنەدانەیبێ (ئەویش تەنیا ئەوەندەی پێدەدا نەمرێ ) لەوەش گەڕێ کە حکومەت بە ناوی بازاڕی ئازادەوە خۆی لە هەرجۆرە بەرپرسیارییەتیەك بێبەری کردوە ، لە سەرتای ساڵی نوێوە حکومەت بەبێ ئەوەی هیچ ئیمتیازێکی بۆ کۆمەلاَنی بەش مەینەت هەبووبێ نرخی زۆربەی ئەو شتانەی دووقات بەرزکردەوە کە داهاتەکەی بۆ گیرفانی خۆیەتی ، سەیرکە کاتێك نرخی گاز و بەنزین لەسەر مولیدەو ئۆتومبێلە خزمەتگوزارییەکان گران دەکات ، یەکسەر دەبێ باجەکە خەڵکەکە بیدات ، لە سەرەتای مانگی چواریشەوە نرخی پلێت و خزمەتگوزارییەکانی عیادە میللیەکانی ئێوارانیشی کە لە هەمووشتێك بچن لە بنکەی تەندروستی ناچن دووقات زیاد کرد ،بڕیاریش وایە بۆ هاوینی ئەمساڵ نرخی کارەبا زیاد بکەن و سیستەمێکی تازەش دابنێن بۆ کۆکردنەوەی پارەکە ، هەمووساڵێك لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی نوێ نەبوون و کەمی کتێب و دەفتەر یەکێکە لە گرفتەکانی پرۆسەی خوێندن ،شوکر دەفتەر و پێداویستیەکانی خوێندنی ئەمساڵیان دابەشنەکردو دایاننا بۆ ساڵی دادێ ، ماموستایەك دەیگووت چاپکردنی هەموو کتێب و دەفتەری ساڵێك ناکاتە خەرجی مانگێکی ئەو هەموو ڕۆژنامە وگۆڤارانەی کە هەندێکیان ئەگەر هەر نەشبن هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ ، لە بەرامبەر هەموو

ئەمانە و شتی تریش  رۆژانە حکومەت پاریەکی زۆر بە فیڕۆ دەدات ، وەزارەتی رۆشنبیری مانگانە 116* ملیون دینار بە حیساب دەداتە (90) کۆمەڵەو سەنتەری رۆشنبیری کە زۆربەی ئەو سەنتەرانە تۆزقالێك کاریگەریان بەسەر گەنجی ئەو ولاّتەوە نییە، ماوەیەکە کۆمەلێك سەنتەر لە گەڕەکەکان داندراون ،بەلاّم زۆربەی کاتەکان داخراون ،بەکراوەیش دووگەنجی تێدا نابینی ، چونکە نمونەیەکی دیکەی بارەگا حیزبیەکانە لە گەڕەکەکان ، تۆ بلّیٚ خەرجکردنی 100*$ هەزار دۆلار بۆ کۆڕوکۆبوونەوەیەك لە ئەلمانیا بە یادی رۆژنامەگەری کوردی لە پای چی ، ئەگەر نەکرابوایە چی روویدەدا ،بەلاّم دەزانی ئینسانێك ئەگەر نەخۆش بیٚ و پێویستی بە نەشتەرگەری هەبیٚ و بۆی نەکریٚ دەمریٚ ، شتێك کە لای من گەورەترین شەرمەزارییە و زۆرجار لە سەر رووپەری رۆژنامەکان بەتایبەتی رۆژنامەکانی سەر بە دەسەلاّت دەیخوێنمەوە و رامدەگریٚ ، ئەو داواکاریانەیە کە لە لایەن پێشمەرگەیەکی داماو یان منداڵێکی بەسەزمانەوە بلاّودەکرێتەوە بەهۆی نەبوونییەوە داوای یارمەتی لەو دەسەلاّتە دەکات کە چەند قاتی پارەی چارەسەریەکەی لە درامایەك خەرجدەکات کە سیناریوکەی باس لە مەینەتییەکانی ئەو ئینسانانە دەکات

<u>تێبینی / ئەو پارەیەی لە سەروە ئاماژەی بۆ کراوە لە ژمارە 286 ی 2007/4/24 ی هەفتەنامەی میدیا وەرگیراوە .</u>